لە نەبوونی دەوڵەتـدا، زمان و نەتەوە لەناودەچن، کەیسی کورد

شێرکۆ کرمانج

بەشی یەکەم

ئەم بابەتە کە بە چەند بەشێک لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە بەشێکن لە توێژینەوەیەک لەسەر ئەگەرەکانی لەناوچوونی نەتەوە و زمان لە غیابی دەوڵەت یان دامەزراوەی دەوڵەتئاسادا. لێرەدا کەیسی کورد وەک نموونە وەرگیراوە و شیکارییەکی مێژوویی بۆ دۆخی کورد لەنێوان مانەوە و لەناوچووندا کراوە. بونیاتگەرایی (constructivism) وەک چوارچێوەیەکی تیۆری کەڵکی لێ وەرگیراوە بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی خێزان وەک دامەزراوەیەک لە مانەوەی کولتوور و زمانی کوردی ـدا بە بەراورد لەگەڵ ڕۆڵی دەوڵەت لە لەناوبردنی زمان و کولتوور و ناسنامە لە دەوڵەت-نەتەوەدا. بەدواداچوون بۆ ڕۆڵ و کاریگەریی دامودەزگە و دامەزراوەکانی دەوڵەت-نەتەوە دەکات (وەک: خوێندن و فێرکردن و پەروەردەی گشتیی، هەروەها زمانی فەرمی و زمانی زانست و مەعریفە و بازاڕ و کار) لەسەر مانەوە و گەشەی زمان و نەتەوە بێدەوڵەتەکان. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر هۆکارە سەرەکییەکانی پشت مانەوەی کورد لە هەزار ساڵی ڕابردوودا بەگشتی و سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەوی بەتایبەتی. پاشان دۆخی کورد لە سەردەمی هەردوو ئیمپراتۆریەتەکەدا بەراورد دەکات لەگەڵ بارودۆخیان لە ژێر دەسەڵاتی چوار دەوڵەت-نەتەوە (تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا) لە سەد ساڵی ڕابردوودا. بۆچی کورد لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتەکاندا ماوە و بۆچی ئەگەری لەناوچوونی هەیە لەبن دەستی دەوڵەت نەتەوەکاندا پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەیە پێک دێنن. لە کۆتایی، توێژینەوەکە پێداگری لەوە دەکات کە کورد وەک نەتەوە مەحکومە بە لەناوچوون ئەگەر هەلومەرجی ناو ئەو چوار دەوڵەت-نەتەوەیەی کە ئێستا کورد تێیاندا دەژیت گۆڕانکاری ڕادیکاڵدنەی بەسەردا نەیەت.

هۆکاری ئەمەش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بۆ مانەوەی نەتەوە دەوڵەتێک یان دامەزراوەی هاوشێوەی دەوڵەت زەرورە .

پێگەی زمانی کوردی، چوونە ناو بابەتەکە

لە جیهاندا نزیکە ٧٦٠٠ زمان هەن، نیوەیان مەترسی لەنێوچوونیان لەسەرە .(Jones 2024) ئەم داتایە لەپاڵ ئەو تێگەیشتنە کە زمانەکان و نەتەوەکان لە پرۆسەیەکی مێژوویی-سیاسیی-کۆمەڵایەتیی لە دایکبوونەوە، بۆیە ئەگەری زۆرە کە لە پرۆسەیەکی هاوشێوە لەناویش بچن، ڕێگە خۆشکەرن بۆ درک کردن بە مەترسییەکانی سەر زمان و نەتەوە. بە واتایەکی دیکە، زمان و نەتەوە ئەزەلی نین، چۆن پەیدابوون ئاواش ئەگەری لەناوچوونیان هەیە .

لەو پەیوەندەدا، ڕۆژانە هەواڵی ئەوە دەبیستین کە بەشێکی زۆر لە کوردی باکوور (لە تورکیا) بە کوردی قسە ناکەن یان هەر کوردی نازانن. لە ڕاپرسییەکی ڕاوێست(Rawest) ، کە ناوەندێکی توێژینەوەیە لە ئامەد، دەرکەوتووە کە تەنیا ١٨٪ ی گەنجانی کورد (تەمەن ١٨-٣٠ ساڵ) لە باکوور دەتوانن بە کوردی قسە بکەن و بخوێنەوە و بنووسن .(Dri 2020) لە توێژینەوەیەکی دیکەدا لە شارەکانی باکووری کوردستان و هەندێک گەورەشاری تورکیا دەرکەوتووە کە نزیکەی ٦٠٪ ی کورد لە ماڵەکانی خۆیان بە کوردی نادوێن بەڵکوو تورکی بەکاردێنن (ئیسماعیل ٢٠٢٤). تەنانەت قسە لەوە دەکرێت کە گەریلا و کادیرانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە قەندیل بە تورکی گفتوگۆ دەکەن. هاوکات، ئەوەشمان گوێ لێ دەبێت کە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات (لە ئێران) پڕبووە لە وشەی فارسی و زمانەکەیان خەریکە خەسڵەتەکانی خۆی لە دەست دەدات. ئەم وێنەیە ئەگەر بۆ کوردی ڕۆژاڤا ڕاستتر نەبێت ئەوە دوور نییە لە ڕاستیی. کورد لە باشوور شانسی باشتر بووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە زمانی کوردی هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ١٩٢١ دانی پێ نراوە و کەم تا زۆر تا ١٩٩١ لە عێراق خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و

ئامـــادەیی لە بەشـــێکی زۆری کوردســـتان بە کـــوردی بـــووە. هەر چۆنێـــک بێـــت، لە ١٩٩١ ـەوەش لە باشـــوور بە دامەزرانـــدنی حکـــومەت و پەرلەمـــانی نـــیمچە-ســـەربەخۆ و لە ٢٠١٣ ـەوە لە ڕۆژاڤـــای کوردســـتان بە بـــوونی دامەزراوەکـــانی ئیـــدارەی خۆســـەری دەوڵەتئاســـا، زمـــان و کولتـــوور و ناســـنامەی کوردی لەو دوو بەشی کوردستان‌دا گەشەیان بەخۆیانەوە بینیووە .

کـــورد وەک نەتەوە ژمارەیـــان لە ٤٠-٥٠ ملیـــۆن کەس دەبێـــت، قســـەکەر بە زمـــانی کـــوردیش لەو ژمـــارەیە نـــزیکە. ئەوە پێمـــان دەڵێـــت کە ئەگەرەکـــانی نەمـــان و لەنـــاوچوونی کـــورد/کـــوردی وەک نەتەوە/زمـــان لەم ســـاتە وەخـــتەدا لە ئـــارادا نیـــیە. بەڵام وەک بـــاوە تـــوێژینەوە بەگشـــتی بە ســـێ شـــێواز و مەبەســـت ئەنجـــام دەدرێـــت: یەکەم، تـــوێژینەوەی وەســـفی(descriptive) ، کە وەســـفی دۆخێـــک یـــان دیـــاردەیەک دەکـــات. دووەم، تـــوێژینەوەی ڕوونکردنەوەیـــی(explanatory) ، کە لە هۆکارەکـــانی پشـــت دۆخێـــک یـــان دیـــاردەیەک دەگەڕێـــت. ســـێیەم، تـــوێژینەوەی پێشـــبینیکەر(predictive) ، کە هەوڵـــدەدات لە ئەنجـــامی خوێنـــدنەوەی دۆخێـــک، دیـــاردەیەک یـــان پێشـــهاتێک پێشـــبینی دەرکەوتەیەک یـــان ئەنجامێـــک بکـــات. ئەم تـــوێژینەوەیە ســـەرەڕای ئەوەی کە هەر ســـێ شـــێوازەکەی تـــوێژینەوە کەم تـــا زۆر لەخۆدەگرێـــت زیـــاتر هەوڵـــی خســـتنەڕووی پێشـــبینییەک دەدات، کە لەنـــاوچوونی نەتەوەی کـــوردە، ئەویـــش بە لەنـــاوچوونی کـــۆڵەگە ســـەرەکییەکانی نەتەوە وەک ناســـنامە، زمـــان، کولتـــوور، دابونەریـــت، ئەوە ئەگەر بـــاردۆخەکەی گۆڕانکـــاری بنەڕەتـــی بەســـەردا نەیەت. بەمانـــایەکی دیـــکە، ئەوە ئەگەر کـــورد بە بندەســـتی بمێنێـــتەوە لەو وڵاتـــانەی کە دابەشـــکراوە بەســـەریاندا و مەحـــروم بکرێـــت لە بەدەوڵەتبـــوون، یـــان لانیکەم دەســـتی بە دامەزراوە دەوڵەتئاســـاکان ڕانەگـــات، بەتـــایبەتی لە تورکیـــا و ئێران، کە کورد تێیاندا خاوەنی هیچ دەزگە و دامەزراوەیەکی نەتەوەسازی و نیشتیمانسازیی نییە.

بـــۆ پشتڕاســـتکردنەوەی دەربـــڕین و ئارگیومێنتەکـــان، تـــوێژینەوەکە ئەم پرســـیارانە دەوروژێنێـــت:

یەکەم، کـــورد وەک نەتەوە، چـــۆن ســـەدان ســـاڵە مـــاوە و ئێســـتا ئەگەرەکـــانی لەنـــاوچوونی هـــاتۆتەپێش؟

دووەم، ئایـــا دەوڵەت-نەتەوە، یـــان لانی کەم کیـــانێکی سیاســـی دەوڵەتئاســـا، تـــاکە زامنـــی مـــانەوەی زمـــان

و نەتەوەیە؟ داخۆ نەتەوە بێ کیانی سیاسی دەتوانێت بەردەوام بێت؟ ئەگەر ناتوانێت بۆ و چۆن؟ بە واتایەکی دیکە، بۆ نەتەوەی بێدەوڵەت ئەگەری لەناوچوونی هەیە؟ توێژینەوەکە هەوڵیش دەدات گفتوگۆی پرسیارەکان بکات و وەڵامیان بداتەوە. بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم، بەراوردێک لە دۆخ و ژینگەی کورد لەژێر سایەی ئیمپراتۆریەتە بێگانەکان (عوسمانییەکان و سەفەوییەکان) بە بوونی ژمارەیەک میرنشینی سەربەخۆ لەگەڵ دۆخی بندەستی لەژێر ڕکێفی چوار دەوڵەت-نەتەوە (تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا) دا دەکات، لەوێوە بەرئەنجامەکان هەڵدەهێنجێ. بەڵام پێش ئەوە، لە بەشی دووەم و داهاتوو، کاریگەریی دەوڵەت لەسەر مانەوەی زمان و نەتەوە دەخاتە ڕوو، چەمک و پێناسەکانیش گفتوگۆ دەکات.

ماویەتی

سەرچاوەکان

ئیسماعیل، هەوار. (٢٠٢٤). "توێژینەوەیەک: لە تورکیا و باکووری کوردستان نزیکەی 60% ی خێزانی کورد لە ماڵەکانیان بە کوردی قسە ناکەن"، ڕووداو، لە < https://manage.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/14052024>.

Dri, Karwan Faidhi (2020) “Silencing of the Kurdish language in modern Turkey: who is to blame?”. Rudaw, at <https://www.rudaw.net/english/middleeast/turkey/210720201>.

Jones, Stephen (2024) “All the World’s Endangered Languages, by Country”. Visual Capitalist, at <https://rb.gy/6ba57g>.